# سەنتەری خۆرهەڵاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان

# رێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان

رووداوی بەردەباران کردنی دڕندانەی "دوعا" لە شاری بەعشیقە لە رۆژی 2007\4\7 دا جارێکی تر نمونەی بەربەریەت و وەحشیەتی عادات و تەقالیدی دواکەوتووانەی دینی و عەشایەری لە بەرامبەر ژناندا نیشان دایەوە.
دوعا خلیل کچولە کوردی یەزیدی حەفدەساڵە تەنها لەبەر ئەوەی دڵی بەکورێکی کوردێکی ئیسلامیەوە لەترسی ئەوەی نەکوژرێت هەڵدی بۆ ماڵی خۆشەویستەکەی.. بەلام ئەم کیژە لەلایەن ئاسایشی هەردوو دەسەلاتی پارتی و حکومەتی عیراقدا پەلکیش ئەکری و تەسلیمی کەس وکاری دەکریتەوە وپاشان بەپێی بەدابونەریتی عشایری کۆنەپەرستی دینی بەردەباران دەکری و دوای ئەوەی سەری پان دەکریتەوە بەدوای سەیارەوە لەنیوەندی شەقامدا رای دەکیشن.
ئێمە وەك هەردوو رێکخراوی سەنتەری خۆرهەلات و ژنانی پەنابەر بە توندی ئەم تاوانە مەحکوم دەکەین وە دەسەڵاتی ئەو ناوچەیە ، حکومەتی مەرکەزی عێراق و حکومەتی کوردستان لێپرسراو دەکەین لە بەرامبەر گرتنی تاوانباران و سزا دانیان و ریسوا کردنی ئەم تاوانەیان لە نێو کۆمەڵگادا .

کوشتنی ژنان لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەردوو لایەنەکەیەوە دیاردەیەکی هەموو رۆژە بووە وە لە 15 ساڵی رابردوودا هەزاران ژن بوونەتە قوربانی ئەقڵیەتی دواکەوتوی ناموس پەرستی و پیاوسالاری. کوشتنی ژنان هەمیشە تاوانێکی ئاسان و بێ سزا بووە لە ژێر دەسەڵاتی هەردوو حیزبی یەکێتی و پارتیدا وە تاوانبارانی کوشتنی ژنان بە بێ هیچ لێکۆڵینەوەو سزایەك بۆی دەرچوون و لە ئەورووپاش ناموسپەرستەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ پیلانی کوشتنی هەر ژنێك ، بلیتی گەرانەوەیان بۆ کوردستان ئامادە دەکەن تا لە دەستی سزا خۆیان دەرباز کەن و پەنا بەرنە بەر ئەو حیمایەتەی کە لە کوردستان بۆیان دابین کراوە .

بێدەنگی لە ئاست کوشتنی "دوعا" بەو شێوە دڕندانەیە وە بە بەر چاو و بە بەشداری پۆلیس و دەسەلاتی ئەو شارە ، دەلیلێکی ترە کە هیچ کام لە دەسەڵاتداران لە عێرا ق و کوردستان بە نیازی پاراستنی ژنان نین لە دەست توند و تیژی و کوشتنی ناموس. لایەنێکی تری ئەم وەحشیەتە پەیوەندی هەیە بە وەزعی داگیرکاری عێراق و سەپاندنی ناسنامەی ئایینی ، رەگەزی و نەتەوەیی بەسەر خەڵکی عێراقەوە کە هەم داگیرکەران و وە هەم حیزبەکانی نێو دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی و کوردی سەپاندویانە وە لەگەڵ دەسەڵاتیاندا دواکە و تووترین و دڕندانە ترین عادات و تەقالیدی دینی و عەشاریەان زیندوو کردۆتەوە و تایفەگەری و شەری رەگەزو دینەکان بوونە تە بەشێکی هەموو رۆژەی ژیانی خەڵك و قوربانیەکانیان لە خەڵکی بێتاوان عێراقی غەرقی خوێن کردووە .

ئەوە ئاشکرایە کە هەمیشە ژنان یەکەم قوربانی وەزعی شەر و داگیرکاری وە لە گەڵیدا زیندوو بونەوەی عاداتی دینی و عەشیرەتی دواکەوتوون وە ئیتر ژنانێك کە وەك "دوعا" لە ناوچەیەکی داگیرکراوی پر کێشەی جیاوازی دینی و قەومی وە لە نێوان دەسەڵاتی جۆرا وجۆری میلشیایی دینیدا ژیان بەسەر بەرن ، زۆر بە ئاسانی دەبنە یەکەم قوربانیانی ئەو کێشانە و بە بێ ئەوەی هیچ لایەنێك خۆی بە لێپرسراو لە پاراستنی ژیانیان بزانێت .

ئێمە پێمان وایە کە بنەبر کردنی دیاردەی کوشتنی ژنان لە ژێر هەر بیانوویەکدا ، دەستکۆتاکردنی دین و عەشیرەتگەری لە سەر ژیانی ژنان و دابین کردنی ژیانێکی ئاسوودە و یەکسان کە تێیدا ژنان وەك ئینسان چاویان لێبکری پەیوەستە بە کۆتایی هاتن بە جەنگی قەومی و تایفی و داگیرکاری لە عێراقدا وە دامەزراندنی حکومەتێکی سیکولاری عەلمانی کە یەکسانی ئینسانەکان لەبەر دەم یاسادا راگەیەنێ بە بێ جیاوازی رەگەز، دین ، نەتەوە یان سێکس.

ئێمە ئەم دوو رێکخراوەیە لە پاڵ هەر رێکخراوەیەکی تری مودافیع لە مافەکانی ژنان ، مافی مرۆڤ وە هەر رێکخراوەیەکی تری یەکسانی خواز خەبات دەکەین لە پێناو :

1- بەردەبارنکردنی ژنان گەورەترین تاوانی دژی ئیسانییە. هەربۆیە ناساندنی مەسەلەی کوشتنی "دوعا" لەم شیوازەیدا بەرای گشتی خەلکی دینا و بۆریگەگرتن لەدووپات بوونەوەی ئەرکی هەموو ریکخراوەکانی ژنانە ودەبی لەریگای فشاریکی کۆمەلایەتی وجیهانیەوە بەپێی نەخشەیەك ریگاکانی بەرگرتن بەم دیاردەیە وەك ئەجندای هەردەسەلاتیك لەعیراق و کوردستان جیگیربکریت. ولەریگای ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و ریکخراوە ئیسانیەکانەوە چاودیری بکریت.
2- هەروەها ئیدانەکردنی بێ پرسیارێتی دەسەڵات لە ئاست ئەم رووداوەدا دەبی بە کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی بناسیندری تا دەسەڵاتی ئەو ناوچەیە بە حکومەتی مەرکەزی عێراق و حکومەتی کوردستانەوە لێپرسراوەتی خۆیان رادەگەیەنن و تاوانبارانی کوشتنی دوعا دەستگیر دەکەن و سزا دەدرێن .

2- کۆتایی هاتن بە داگیرکاری عێراق و بەرپرس کردنی حکومەتەکانی ئەمریکاو بەریتانیا لە وەزعی خوێناوی خەڵکی عێراق تا چوونە دەرەوەیان لە عێراق .

3- هەڵوەشاندنەوەی دام و دەزگاکانی حکومەتی مەرکەزی جیاوازخوازی تایفی و قەومی لە عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی عەلمانی و سیکۆلار کە مافی یەکسانی خەڵك دابین بکات.

4- لابردنی دەستوور و یاسای ئیسلامی ئێستای دژ بە ژنان لە عێراق و ە بەرقەرارکردنی جیایی دین لە دەوڵەت و یەکسانی ژن و پیاو لە دەستووری ئایندەدا .

بۆ پەیوەندی کردن بە رێکخراوەکانمانەوە بۆ کاری هاوبەش لەسەر ئەم خالانە تکایە پەیوەندی بکەن بە :
گۆنا سەعید - سەنتەری خۆرهەلاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان :
ژمارە تەلەفۆن : 00447894252708 ، ئیمەیل : gona@mecwr.org
سەوسەن سەلیم – رێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان :
ژمارە تەلەفۆن : 00447748851125،
ئیمەیل sawsansalim@yahoo.com